# خەییام، هەژار، هێرمێنۆتیک

***ئاماژە:**

*مەبەستی سەرەکی ئەم وتارە، زەق کردنەوە و بەرچاو کردنی ئەم ئامانجەیە کە مامۆستا هەژاری نەمر لە ڕوانگەی خۆیەوە، بە کەڵک وەرگرتن لە دوو کەرەسە، هەوڵی خوێندنەوەی سەرلەنوێی ئەندێشەکانی خەییامی داوە. ئەم دوو کەرەسەیە بریتین لە:*

*1. ڕێبازی هێرمێنۆتیک وەک هونەری تێگەیشتن لە دەقەکان.*

*2. هونەر و فەننی وەرگێران.*

*واتە مامۆستا هەژار سەرەتا بە شێوەیەکی هێرمێنۆتیکی تەئویلی تایبەتی خۆی لە سەر چوارینەکانی خەییام دەربڕیوە و دواتر لە سەر هەمان کێش و فۆرمی چوارینەکان، لە قالبی وەرگێڕانێکی ئازادا دایڕشتوونەتەوە. هەر بۆیە ئێمە تێکۆشاوین هەرتک کەرەسەی ناوبراو لەبەر چاومان بێ و بە پێوەری ئەوان بڕوانینە چوارینەکان.*

***پێشەکی:**

چوارینە، ڕوباعی یان Quartrain یەکێکە لە قالبەکانی شیعری سوننەتی فارسی، کە لە چوار نیوەدێڕ پێکهاتووە. لە چوارینەدا سەروای نیوەدێڕی یەک و دوو و چوار هاوسەنگە. بەڵام مەرج نیە لە نیوەدێڕی سێهەمیش‌دا، ئەو شەرتە بپارێزرێ. نیوەدێڕەکانی چوارینە لە باری چەمک و ماناوە لێک گرێ دراون و ماکەی سەرەکی پەیام لە بەیتی دووەم بە تایبەتی لە نیوەدێڕی چوارەمدا خۆبەدەستەوە دەدا. چوارینە کێشی تایبەتی خۆی هەیە و ئەم کێشە لەگەڵ ڕستە بەناوبانگەکەی "لاحول و لاقوة الا باللە" یەک دەگرێتەوە. دەکرێ بڵێین زۆربەی شاعیرانی ئێرانی چوارینەیان داناوە، بۆ وێنە چوارینەکانی ئەبولحەسەنی باخەرزی لە ژێر سەردێڕی تەرەبخانە، موختارنامەی عەتتاری نەیشابووری و چوارینەکانی ئەوحەددینی کرمانی. بەڵام حەکیم عومەری خەییامی نەیشابووری سەرکەوتووترین و بەناوبانگترین چوارینەکانی هۆنیوەتەوە.

تێمی بنەڕەتی چوارینەکانی خەییام، کەش و هەوایەکی فەلسەفی هەیە، هەر بۆیە ئەگەر ڕەخنەگری هاوچەرخ مەبەستی، خوڵقاندنی دەقی ڕەخنەیی سەبارەت بە چوارینەکانی خەییام بێ، ڕەنگە هێرمێنۆتیک وەک هونەری تێگەیشتن لە تێکستەکان، باشترین مێتۆد و کەرەسە بۆ ئەم ئامانجە لە قەڵەم درێ. هێرمێنۆتیک بە پێچەوانەی دارشتخوازی structuralism کە لە زانستەکانەوە دەستی پێکرد، لە دڵی وتەی فەلسەفی دایە. کە وا بوو بە هۆی ئەم کەرەسەیە واتە هێرمێنۆتیک وەک ڕێبازێکی فەلسەفی دەتوانین لەگەڵ چوارینەکانی فەلسەفی خەییام هەڵس و کەوتمان هەبێ.

ئەوەی ڕاستی بێ، تا ئێستا توێژینەوە لەمەڕ شاعیران و شیعرەکانیان بە شێوەگەلی جۆراوجۆر ئەنجام دراوە کە زیاتر تای تەرازوو بۆ لای ژین و کردەوە و چاخ و خولی ژیانی شاعیر قورسایی کردووە و کەمتر ئاوڕ لە دەق وەک بوونەوەرێکی سەربەخۆ دراوەتەوە. هەژاری نەمر بە ڕای من ئەم کارەی دوایی بە شێوەیەکی زۆر شارەزایانە بە ئاکام گەیاندووە. هەژار کە هەوڵی سەرلەنوێ خوێندنەوەی ئەندێشەکانی خەییامی داوە بە شێوەی وەچەی پێش خۆی ـ وەک شێخ سەلام و گۆران کە چوارینەکانی

خەییامیان دەقاودەق وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی ـ ئاوڕی لە چوارینەکان نەداوەتەوە و تەنیا لە ڕوانگەی مێژووی ئەدەبییەوە مامەڵەی لەگەڵ ئەندێشەکانی حەکیمی نەیشابوور نەکردووە.

ڕەنگە مامۆستا هەژار لەگەڵ هێرمێنۆتیکی نوێ بە مانای ئەمڕۆیی ناسیاوێکی ئەوتۆی نەبووبێ، بەڵام ئەم کارەی هەژار، واتە وەرگێڕانە ئازادەکەی ڕوباعییاتی خەییام کە دواتر باسی لێدەکەین بێگومان ڕوانگەیەکی لەسەداسەد هێرمێنۆتیکییە کە لە قالبی شیعری وەرگێردراو ـ وەک دژوارترین شێوەی تەئویل بۆ وەرگێڕ ـ خۆ دەنوێنێ.

***هێرمێنۆتیک:**

هێرمێنۆتیک بە شیوەیەکی گشتی بە مانای فەن، هونەر یان بیردۆزی ڕاڤە و تەئویلی دەقە (چ دەقی گوتاری و چ دەقی نڤیساری). ڕیشەی هێرمێنۆتیک دەگەڕێتەوە سەر ئیلاهەیەکی یۆنانی بە نێوی هێرمێس کە ئەرکی پەیامبەری بۆ خواکان هەبووە و لە هەمان کاتیش‌دا یارمەتی مرۆڤەکان دەدا تا لە پەیامە ڕەمزییەکانی خواکان حاڵی بن.

لێکۆڵینەوەی هێرمێنۆتیکی لێوردبوونەوە و پرسیار کردنێکی ڕەخنەیی‌یە لە شتێکی بەرجەستە، دیاردەیەکی بەرچاو، ڕەفتارێکی جەستەیی، یان دەقێکی دیار و ئاشکرای ئەوتۆ کە بتوانین بە ڕوونی بیخوێنینەوە و پەیوەندی پێوە ببەستین. لە زۆربەی هەرە زۆری ئەو چوارینانەی مامۆستا هەژار کردوونی بە کوردی، پرسیارێک دایمە ختووکەی مێشکی خوێنەر دەدا، ئەویش فەلسەفەی بوون و نەبوونە، هەروەک شێکسپیێر لە شانۆنامەی هاملێت‌دا دەڵێ: بوون یا نەبوون؟ مەسەلە ئەمەیە. مامۆستا هەژار لە ڕوانگەی تەئویلی خۆیەوە ئاوا ئەندێشەی خەییام دەخوێنێتەوە: "خەییام لەم دەزگا گەورە و گرانە کە ناوی زەوین و عاسمانە ورد بۆتەوە و تێی هەڵڕوانیوە و زانیویە کە ئەم کردارە ڕەنگین و سەنگینە بە بێ وەستا نەکەوتۆتە گەڕ و دانەر و ڕانەرێکی هەر دەبێ هەبێ، بەڵام ئەم سازدەرە شیرینکارە چۆنە و کەی ئەم دەزگایەی بەرهەم هێناوە و بۆچی لێکی داوە و لەو کر و نەخش و تەونە کەونە ـ کە نە سەری دیارە و نە بن ـ نیازی چ بووە و لە کەیەوە هەڵیاوەسیوە و کەی لە داری دەکاتەوە و دەیپێچێتەوە؟ ئەم هەزاران هەزارە ئەستێرە و مانگە پڕشنگدارە بۆ هاتوون و چۆن هاتوون و چیان لێدێ؟ تیرەی جانەوەر و مرۆ لە کوێوە هاتووە و بۆ کوێ ئەچێ؟ ئەگەر نەهاتایە چ دەبوو؟ و... دەیان پرسیاری تر".

**هاتوومە جیهان چم بە چ کرد؟ تێگەی هیچ**

**هەر بنج و بناوانی جیهان دەرخەی هیچ**

**ڕووناکی دەرم، شەمم کە فووم لێکەی هیچ**

**نەینۆکی دەسی جەمم، لە بەردم دەی هیچ**

وڵامی ئەم پرسیارانەی خەییام بە باوەڕی هەژار یەک وشەیە، هیچ. ئەم وڵامە زیاتر دەمانخاتە بازنەی گەمارۆی ئەندێشەکانی فرێدریش نیچە کە نیهلیستەکان تا ڕادەیەکی زۆر شوێنیان لێوەرگرت. کاتێ لە سەر ئەم بۆچوونەمان زیاتر پێ دادەگرین کە تاقمی زەبوونی کۆمەڵگای نیچە واتە مێگەل (ئینسانانی بێ ئیرادە و لاسایی‌کەرەوە) و تاقمی باڵادەست و زانا، لەگەڵ بۆچوونەکانی خەییام پێک‌دەگرین.

**اجرام که ساکنان این ایوانند**

**اسباب تردد خردمندانند**

**هان! تا سر رشتەی خرد گم نکنی**

**کانان که مدبرند سرگردانند**

**ئەستێرە و مانگ و ڕۆژ لە عاسمانانن**

**هۆی گێچەڵ و مشت و مڕی زانایانن**

**چین و چ دەکەن؟ کێوە دەچن؟ چۆن هاتن؟**

**خۆشیان وەکوو من نەزان و سەرگەردانن**

*

**با این دو سه نادان که چنان می دانند**

**از جهل، که دانای جهان ایشانند**

**خر باش! که از خری که این دونانند**

**هر کو نه خر است کافرش می خوانند**

**دنیا بە دەسی دەستە کەر و گایێکە**

**هەر جاشەکەرە وەزیر و پاشایێکە**

**دیندار بە کەسێ دەڵێن نەزان و گێژە**

**هەر کەس کە دەڵێن کافرە زانایێکە**

لە هەر دوو وەرگێڕانەکەی هەژاردا، مەبەستی نیچە زەقتر لە چوارینەکانی خەییام خۆی نواندووە. پێک گرتن و لێکۆڵینەوە سەبارەت بە ئەندێشەکانی خەییام و بیر و باوەڕی نیچە و هاوبەشی هێندێک لەم بۆچوونانە هەڵگری دەرفەتێکی ترە.

گومان لەوەدا نیە لە هەر توێژینەوەیەکی هێرمێنۆتیکیدا، هەموو ڕەخنەگرێک بە هەندێ زانست کە پێشتر لە ئارشیوی مێشک و زەینی دایە بەرەنگاری دەقێک دەبێتەوە و حوکمی لە سەر دەردەبڕێ.

هەژار وەک مرۆڤێکی کورد بە تەواوی تایبەتمەندییەکانی ژیانی کوردەوارییەوە بەرەو ڕووی چوارینەکانی خەییامی بۆتەوە ئەگینا لەم دوو چوارینەی خوارەوە هیچ چەشنە باسێک لە چارەڕەشی و سیابەختی بەدی ناکرێ، بەڵام هەژار ژانی گەلەکەی وەهای هەژاندووە کە بەم شێوەیە وەرگێڕانەکەی پێشکەش بکا.

**زان پیش کە نام تو ز عالم برود**

**می خور، کە چو می بە دل رسد غم برود**

**بگشای سر زلف بتی بند ز بند**

**زان پیش کە بند بندت از هم برود**

**گێژی لە خەیاڵات و گلەی بەختی ڕەشت**

**ڕابوێرە هەتا بە جارێ نەبڕاوە بەشت**

**دەس بگرە بە بەندی سەر و پرچی جوانێک**

**تا هەڵنەوەشێنراوە هەموو بەندی لەشت**

*

**زان روز کە توسن فلک زین کردند**

**و آرایش مشتری و پروین کردند**

**این بود نصیب ما ز دیوان قضا**

**دردی و غمی قسمت ما این کردند**

**تیرێژ کە بە ڕۆژ و پێل بە دەریا دریا**

**لەو ڕۆژەوە گوڵ پێکەنی بولبول گریا**

**خوا نووسی لە چارەی ڕەشی ئێمەش بەشمان**

**ژینێکی هەژاری پڕ لە خۆزیا و بریا**

وەرگێڕانەکەی مامۆستا هەژار چەشنە تەئویلێکی کراوەیە، واتە لەگەڵ ئەوەیدا کە شیعرییەتی چوارینەکانی خەییام لە باری فۆڕم (کێش) و ماناوە دەپارێزێ بە شێوەیەکی داهێنەرانە دەیانخوێنێتەوە و

به پێچەوانەی وەچەی پێش خۆی وردتر و نوێتر ئەندێشەکانی خەییام دێنێتە سەر لاپەڕەی کاغەز، با بزانین لەم چوارینەیەدا جیاوازی وەرگێرانەکەی هەژار و گۆران و شێخ سەلام لە چی دایە:

**اين كهنه رباط را كه عالم نام است**

**و آرامگه ابلق صبح و شام است**

**بزمى است كه واماندەی صد جمشيد است**

**گورى است كه خوابگاه صد بهرام است**

(خەییام)

**ئەم کۆنە سەراپەردە کە دنیای ناوە**

**شایی لە بەرێک، شینە لە پێنسەد لاوە**

**ئەم خوانچەیە بەرماوی هەزار جەمشیدە**

**گۆڕە و گەلێ بارامی تیا نێژراوە**

(هەژار)

**ئەم سەرا کۆنەی ناوی جیهانە**

**لە سەر ڕێی گەشتی شەو و ڕۆژمانە**

**بەزمێکە لە سەد جەمشید جێ ماوە**

**سەد بەهرام هات و چوو لەم وێرانە**

(گۆران)

**ئەم کەلاوەیە کە دنیای نامە**

**ئارامگاهی بەیانی و شامە**

**بەزمێکە لە سەد جەمشید جێ ماوە**

**قەسرێکە تەکیەی سێسەد بەهرامە**

(شێخ سەلام)

بەر لە هەموو شتێک لە باری فۆرمەوە هەژار کێشی سەرەکی چوارینەکەی پاراستووە بەڵام گۆران و شێخ سەلام چون خۆیان بە وەرگێرانی وشە بە وشە بەستۆتەوە لە کێشی چوارینەکان لایان داوە.
وەرگێرانی ئەم بەڕێزانە بە پێی هێرمێنۆتیکی مۆدێرن تەئویلێکی داخراوە و ئاسۆی هزریان لەبەر خۆماندوو کردنەوە بە وەرگێرانەکە تەنیا وەک فەننێک، سنووردارە. سەلاحەددین ئاشتی ڕاست دەکا کە دەڵێ: "شێخ سەلام و گۆران نەیانتوانیوە بە زمانێکی تەڕ و پاراو ڕۆح وەبەر وەرگێرانەکەیان بێنن و

ئەوەندە دیلی کێش و جەمسەری چوارینەکانن کە بە داخەوە خەیاڵ ناورووژێنن." هەر ئەو شتەی کە ئێمە بە شیعرییەت ناومان لێ برد.

لە هێرمێنۆتیکی فەلسەفیدا تەنیا دەق قسان ناکا، بەڵکوو ئێمەش لە بواری دەقەکانەوە دێینە قسە کردن. ئێمە لە ئاسۆی بیر و سنوورەکانی هزری خۆمانەوە تەئویلی دەقەکان دەکەین و بە ڕووناکایی تێڕوانینەکانی خۆمان ڕووناکیان دەکەینەوە. ئەوە هەر تەنیا ڕووناکایی دەق نیە هزر و خەیاڵی ئێمە ڕۆشن دەکاتەوە، بەڵکوو ئەوە ڕووناکایی ناو خەیاڵ و ئەندێشەکانی ئێمەیشە کە بە سەر تاریکاییەکانی دەقدا دەپژێت و پەخش دەبێتەوە. هەژار لە سەرەتای پێشەکییەکەی چوارینەکانی خەییامدا ئاوا دەڵێ: " نیازم لەم پێشەکییە دەربڕینی بیر و باوەڕی خۆمە بەرانبەر بەو کابرا خوێن شیرینە و ئەمەوێ لەو سووچەوە کە بەر دڵی من کەوتووە دەمی بۆ بەرم و هێندێک لەو شوێنانەوە دەست نیشان بکەم کە تا وێستا خەییامناسەکان و خەییامینووسەکان بە پێویستیان نەزانیوە یان لە بیریان نەبووە هەنگاوی بۆ باوێژن."

مامۆستا هەژار لە ئاسۆی بیر و سنوورەکانی هزری خۆیەوە تەئویلی چوارینەکان دەکا و بەم چەشنە بیر و باوەڕی بەرانبەر بە خەییام دەردەبڕێ:

**تا کی ز غم زمانه محزون باشی؟**

**با چشم پر آب و دل پر خون باشی؟**

**می نوش و به عیش کوش و خوشدل می باش**

**زان پیش کزین دایره بیرون باشی**

**هەر دەرد و کوڵ و ژانە ژیانی ناوە**

**تۆ بەفری گەلاوێژ و مەرگ وەک تاوە**

**ئەم تاوە تیا ماوی مەتاوێوە بە خەم**

**کوا ئاوی تریێ؟ هیمی جیهانیش ناوە**

*

**درده می لعل لاله گون صافی**

**بگشای ز حلق شیشه خون صافی**

**کامروز برون از جام می نیست مرا**

**یک دوست که داره اندرون صافی**

**بشبوویێ وەفا ئێستە وەجاغی کوێرە**

**کێ ڕاستە لە وانی دیوتە؟ یەک بژمێرە**

**هەر کووپە مەیە هەواڵی دڵپاکە و بەس**

**بێ فێڵە مەترسە خۆتی پێ بسپێرە**

کە دەڵێین وەرگێڕانەکەی هەژار، وەرگێڕانێکی ئازادە و تەئویلی دەق کراوە نەک شەرح و تەرجەمەیەکی ئاسایی، لەم دوو چوارینەیەدا بە زەقی ئەم بۆچوونە وە دیار دەکەوێ. ئەگینا لە چوارینەکەی خەییامدا نە باسێک لە بەفری گەلاوێژی خۆنەگر و هەتاوی بە تینی ئەم مانگەیە و نە ئاوی ترێ و ئاو بوونی بنچینەی جیهان.

کاری هێرمێنۆتیک بریتییە لە ڕووناک کردنەوەی سەرجەمی دەقێک بە هۆی بەشە پێکهێنەرەکانییەوە. خۆ بەستنەوە بە لێکدانەوەی مانای تاکە وشەیەک یان دێڕێک یان هێمایەک بە جیاجیا نایەتە بازنەی هێرمێنۆتیکییەوە.

هەژار چوارینەکەی خوێندۆتەوە، لێکی داوەتەوە، چاوی لە ڕابردوو کردووە، ژیانی ئێستاشی لەبەر چاو بووە و لە تەئویلەکەیدا سەبارەت بە چوارینەکەی خەییام بەم ئاکامە گەیوە: قۆستنەوەی هەل. واتە هەژار سەرجەمی چوارینەکەی هەڵسەنگاندووە نەک لێکدانەوەی تاک تاکی وشەکان.

هێرمێنۆتیکی فەلسەفی مێتۆدێکی نوێ لە تێگەیشتنی دەقێک بە دەستەوە نادا، بەڵکوو تەنیا بارودۆخی هاوڕێ لەگەڵ هەر چەشنە تێگەیشتنێک ڕوون دەکاتەوە. یەکێک لەو بارودۆخانە مەودای زەمانییە. واتە ئەو قەڵەشتەی کە لە نێوان ڕۆژگاری وەدیهاتنی دەقێک لەگەڵ ئاسۆی ڕۆژگاری تەئویلی دەقەکە هەیە. لە کاتی خوێندنەوەی دەقێ خۆمان لە ئاسۆی ڕۆژگاری ڕابردوو و بارودۆخی ژیانی ئەو سەردەم و باوەڕەکانی فەرهەنگی ئەودەمی دانانێین. ئێمە دەقەکە بۆ ئاسۆی ڕۆژگاری خۆمان دەگوێزینەوە و بە پێی ئاسۆی ئەمڕۆژینی ماناگەلێکی بۆ ڕەچاو دەکەین. ئەگەر دەقەکە وەها بخوێنینەوە کە هیچ چەشنە پەیوەندییەکی لەگەڵ چاخی ئێمە و ئاسۆی ئێستای ئێمە نەبێ ئەم خوێندنەوەیە نابێتە هۆی تێگەیشتن لە قەڵەشت و مەودای نێوان ئێمە و دەق، دەق شوێنێک لە سەر مێژوو دادەنێ، بەڵام بە هەزاران شێوە و لە هەر بارودۆخێکی مێژوویی‌دا بە چەشنێکی تایبەتی. ئێمە لەگەڵ مێژووی ئەم شوێن دانانە ناسیاویمان هەیە. مێژووی ئەم شوێن دانانە پێکهێنەری ئاسۆی ئێستای ئێمەیە . ئاسۆ وشەیەکە کە لە ئاسەواری هۆسرێل و هایدگەردا دە کار کراوە بەڵام لە ئەندێشەکانی گادامێردا چەمێکی ناوەندی و کلیدی پەیدا کرد. ئێمە لە ئاسۆیەک داین کە لە سوننەت و بارودۆخی ئێستا پێک هاتووە. ئەگەر ئاسۆی دەقێک غەوارە و نامۆ و دوور بزانین، دەق قسەمان لەگەڵ ناکات. ئەگەر دەقێک بۆ ئاسۆی خۆمان بگوێزینەوە چەشنێک "یەکانگیر بوونەوەی ئاسۆکان" دێتە گۆڕێ. لەو یەکانگیر بوونەوەیەدا وێک کەوتن و وتوووێژی ڕابردوو و ئێستا بووز دەخوا، کە وا بوو ئاسۆی ئەمڕۆ ناتوانێ بە بێ وتوووێژ لەگەڵ ڕابردوو و یەکانگیر بوونەوەی ئاسۆکان مەیسەل بێ. لەم چەمکی یەکانگیر بوونەوەی ئاسۆکاندا هەم سوننەت و هەم وتوووێژ وەک دوو هەوێنی ناوەندی ئەندێشەی گادامێر ئامادەن.

لەم چوارینەدا کە مامۆستا هەژار تەرجەمەی کردۆتەوە بێ گومان لێکدانەوە و تەئویلی تایبەتی خۆی نیشان داوە، هەژار لە بارودۆخێکدا ژیاوە کە هەندێک بە نێو شێخ و سۆفی و دەروێش وەک مڵۆزمێکی کۆمەڵگای کوردەواری، بوونەتە لەمپەری تێگەیشتن و پێگەیشتن و زانینی خەڵک بە گشتی.

هەژار لەم دوو چوارینەیەدا وەستایانە چوارینەکانی خەییامی بۆ ئاسۆی ڕۆژگاری خۆی گوێستۆتەوە:

دشمن به غلط گفت: كه من فلسفيم
ايزد داند كه آن چه او گفت: نيم
ليكن چو درين غم آشيان آمده‌ام
آخر كم از آن كه من بدانم كه كيم؟

زۆر کۆلکە مەلا و شێخ هەیە ڕێ دەگرن لێم
لایان هەڵەیە لە ژینی خۆشم بدوێم
خزمینە نەزانین چ بەڵایەکی زلە
هاتوومە جیهان دەبێ نەزانم من کێم؟

*

از گردش روزگار بهرى برگير
بر تخت طرب نشين به كف ساغر گير
از طاعت و معصيت خدا مستغنى است
بارى تو مراد خود ز عالم برگير

دەروێش وەرە ئەم حاوحووەت بێ خێرە
دەم بەستە و تۆزاوی وەکوو گاگێرە
خوا چاوی لە دەستت نیە ڕۆژووی بدەیەی
ژیانێکی کە پێی داوی بە مەی بسپێرە

* هونەری وەرگێڕان:

سەبارەت بە شێوەی وەرگێرانی چوارینەکانی خەییام لە لایەن هەژارەوە بە پێویستی دەزانم وەک سەرەتایەک دەربارەی ئەم هونەرە ئاماژە بە چەند خاڵان بکەم. ئەو بەشەی کە لە زنجیرەی دەقی سەرەکیدا لە لایەن وەرگێڕەوە وەک یەکەیەک بۆ هاوسەنگی دۆزینەوە هەڵدەبژێردرێ پێی دەڵێن "واحد ترجمە" یان یەکەی وەرگێران. یەکەی وەرگێڕان دەتوانێ وشە، ڕستە یان کۆپلە بێ. بە پێی یەکەی هەڵبژێردراو وەرگێڕان لانیکەم سێ قۆناغی هەیە:

1. وەرگێڕانی وشە بە وشە:

یەکەی وەرگێڕان لەم قۆناغەدا وشەیە، واتە لەبری هەر وشەیەک لە دەقی زمانی سەرەکیدا وشەیەک لە زمانی مەبەست (نیشانە) دێنینەوە. ئەم چەشنە وەرگێرانە بۆ تەرجەمەی وشەگەلێکی لێکدراو دەکار دەکرێ کە هاوسەنگێکی ورد و دەقیقی لە زەمانی مەبەستدا بۆ بەدی ناکرێ. لێرەدا وەرگێڕانی وشە بە وشە دەتوانێ یارمەتیدەر بێ، بەڵام بە دەگمەن هەڵدەکەوێ ڕستەیەک بە تەواوی هەر بەم شێوەیە تەرجەمە کەینەوە چون لە وەها بارودۆخێدا یا داڕشتی زمانی سەرەکی خۆی بە سەر زمانی مەبەستدا دەسەپێنێ، یان ڕستەی وەرگێردراو لە زمانی مەبەستدا مانای ڕستەی زمانی سەرەکی نادا.

2. وەرگێڕانی ڕستە:

لەم قۆناغەدا یەکەی وەرگێڕان ڕستەیە، لەم چەشنە وەرگێڕانەدا یاسا و ڕێسای ڕێزمانی و شێوەی داڕشتی وشەکان لە زمانی مەبەستدا دەپارێزرێ. مانای ڕستەی هاوسەنگ بە پێی مانای ڕستەی زمانی سەرەکی ڕەچاو دەکرێ. بەم پێیە هەر کام لە ڕستەکانی دەقی زمانی سەرەکی بە پاراستنی مانای تاکتاکی وشەکان بە شێوەی ڕستەیەک وەردەگێردرێنەوە سەر زمانی مەبەست.

3. وەرگێڕانی ئازاد:

لەم قۆناغەدا یەکەی وەرگێڕان ڕستە یا پاڕاگڕافە. وەرگێڕ لە وەها قۆناغێکدا پەیامی دەقی زمانی سەرەکی لە کۆمەڵە ڕستەیەکدا لە زمانی مەبەست بە دەستەوە دەدا. لەم شێوە وەرگێڕانەدا زیاد و کەم کردن لەوپەڕی خۆیدا دەکار دەکرێ. زۆر جاران کە دەقی زمانی سەرەکی مۆرکی "ترجمە ناپذیر"ی لێدەدرێ، تەنیا ڕێگای چارەسەر کردن وەرگێڕانی ئازادە.

لە ڕەوتی پرۆسەی وەرگێڕاندا، وەرگێڕ لەگەڵ دوو زمانی سەرەکی و مەبەست بەرەڕوو دەبێ. ئەو دەبێ هەوڵ بدا خوێنەر لە وەرگێڕانەکەی تێبگا و لە هەمان کاتیشدا پەیامی نووسەر ئاڵوگۆڕی بە سەردا نەیێ. لەو نێوەدا وەرگێڕ بە پێی دەق و مەبەستی تەرجەمەکە هەندێ جار سرنج دەداتە وەرگری پەیام و هەندێ جار بنێری پەیامەکە. وەرگێڕانی مانایی، نووسەری پێ لە خوێنەر گرینگترە. لە وەها دۆخێکدا وەرگێڕ حەول دەدا تا تەنیا پەیامی دەق بۆ لای خوێنەر بگوێزێتەوە و هەر بۆیە دایمە ئەو شیمانەیە هەیە کە داڕشتگەلی فۆڕمی و مانایی غەوارە و نامۆ بێتە ناو زمانی مەبەستەوە. لە لایەکی تر لە وەرگێرانی پەیوەندیدا خوێنەر لە نووسەر زیاتر بایخی پێدەدرێ و وەرگێڕ حەول دەدا تا ئەو جێیەی بلوێ دەقی وەرگێردراو بۆ لای خوێنەر نزیک کاتەوە؛ واتە خوێنەر چاکتری تێبگا، هەر بۆیەش ئەو شیمانەیە هەیە کە دەقی وەرگێردراو بە تەواوی وتەی نووسەر نەبێ.

نووسەر بە پێی دوو هۆکاری بابەت و وەرگر، شێواز یان شێوە بەیانی خۆی هەڵدەبژێرێ و لە درێژایی دەقەکەدا دەیپارێزێ؛ کە وا بوو بە پێی ئەم دوو هۆکارە دوو چەشنە وەرگێڕانی بابەت تەوەرە و وەرگر تەوەرە وەدی دێ.

بەڵام بە پێی بیردۆزی پەیوەندی یاکوبسن شیعر هەر تەرجەمە ناکرێتەوە کە وا بوو هەژار چۆناوچۆن بۆ چوارینەکانی خەییام چووە؟ بێگومان وەرگێڕانی چوارینەکانی خەییام لە لایەن مامۆستا هەژار

وەرگێڕانی وشە بە وشە نیە، دیارە ئەو چاوەڕوانییەش ناکرێ کە شیعر بە تەواوی تایبەتمەندییەکانی چ لە باری فۆڕم و سەنایعی ئەدەبییەوە و چ لە باری ماناوە دەقاودەق وەربگێڕدرێ.

وەرگێڕانی چوارینەکانی خەییام وەرگێڕانێکی ئازادە بەڵام هەژار بە شێوەیەکی شارەزایانە بابەت و خوێنەری لە بیر نەکردووە واتە وەرگێڕانی بابەت ـ تەوەرە و وەرگر (خوێنەر) ـ تەوەرەشی مەبەست بووە. لەگەڵ تەواوی ئەمانەشدا بە لای هەژارەوە وەرگێڕانی پەیوەندی یەکجار گرینگە. لە ناو چەشنەکانی جۆربەجۆری وەرگێراندا (وشە بە وشە، ڕستە، ئازاد، بابەت ـ تەوەرە، خوێنەر ـ تەوەرە، نووسەرـ تەوەرە، مانایی، پەیوەندی و وەرگێڕ ـ تەوەرە) مامۆستا هەژار زیاتر دەکەوێتە خانەی وەرگێڕ ـ تەوەرەوە.

**در دست همارە آب انگورم باد**

**در سر هوس بستان چون حورم باد**

**گویند بە من خدا تو را توبە دهاد**

**او خود بدهد من نکنم دورم باد**

**مەیگێڕ! بە سەرت پردی سیراتیش کەڵەکە**

**سەیرانی بەهەشت، سەیری دوو چاوی بەڵەکە**

**زۆرم لە خوا ویست و کەمیشی نەگەیی**

**هەر تۆبەیە دەمداتێ ئەویش نەم گەرەکە**

کە دەڵێین وەرگێرانەکەی مامۆستا هەژار دەکەوێتە خانەی وەرگێڕ ـ تەوەرەوە، مەبەستمان ئەوەیە کە هەژار لە سەر بنەمای هێرمێنۆتیکی تەئویلی تایبەتی خۆی دەخاتە قاڵبی وەرگێرانەکەی. ئەگینا لە بەراورد کردنی ئەم دوو چوارینەی سەرەوە بە سانایی خوێنەر بۆی دەردەکەوێ کە هەژار خوێندنەوەیەکی سەرلەنوێی چوارینەکەی خەییامی ئەنجام داوە:

**آن روز کە توسن فلک زین کردند**

**و آرایش مشتری و پروین کردند**

**این بود نصیب ما ز دیوان قضا**

**دردی و غمی قسمت ما این کردند**

لە وەرگێڕانەکەی مامۆستا هەژاردا هیچ باسێک لە "توسن فلک"، "مشتری" و "پروین" لە گۆڕێدا نیە. باس لە ڕۆژی ئەزەلە با بزانین مامۆستای کورد ئەو ڕۆژەی چۆن کێشاوەتەوە:

**تیرێژ کە بە ڕۆژ و پێل بە دەریا دریا**

**لەو ڕۆژەوە گوڵ پێکەنی بولبول گریا**

**خوا نووسی لە چارەی ڕەشی ئێمەش بەشمان**

**ژینێکی هەژاری پڕ لە خۆزیا و بریا**

لە باری جوانیناسییەوە شاعیری کورد لە سەرووترە. سەنایعە جۆربەجۆرە ئەدەبییەکان وەک جیناسی لاحیق و تەزاد و... قسەکەمان دەسەلمێنن. دەریا و دریا، گوڵ و بولبول، پێکەنی و گریا، خۆزیا و بریا. تاڵی و ڕەشایی داسەپاو بە سەر وەرگێڕانەکەی مامۆستا هەژاردا بەرچاوترە. هەروەک پێشتر باسمان لێکرد هەژار بە پێشێنەیەکی فکری کە لە ئارشیوی زەینیدایە باس لە چارەڕەشی ئێمە لە ڕۆژی ئەزەلەوە دەکا، شتێکی کە لە چوارینەکەی خەییامدا زۆر کاڵ و کەمڕەنگە.

**ای دوست بیا تا غم فردا نخوریم**

**وین یک دم عمر را غنیمت شمریم**

**فردا که از این دیر فنا درگذریم**

**با هفت هزار سالگان سر به سریم**

**دڵتەنگی هەبێ دەبێ بە مەی ژەنگی بەرین**

**بۆ بیری نەهات و هات چما خەم لە بەرین**

**سۆزی کە مەرگ تەپڵی نەمانی لێدا**

**ئەمن و تۆ دەگەڵ بابەدەمی هاوسەفەرین**

شۆکی ئیهامی لە چوارینەدا، لە بەیتی دووەم و بە تایبەتی میسرەعی چوارەم لە خوێنەر دەدرێ. ئەو شۆکەی هەژار لە خوێنەری دەدا زۆر ڕاچڵەکێنترە لە شۆکەکەی خەییام، بۆ وێنە خەییام لە میسرەعی سێهەمدا دەڵێ:

**فردا که از این دیر فنا درگذریم**

کەچی هەژار ئاوای هێناوە:

**سۆزی کە مەرگ تەپڵی نەمانی لێدا**

شوێندانانی هەژار لە سەر خوێنەر کاراتر و بەرچاوترە. خوازەی تەپڵی نەمان و کوتانی لە لایەن مەرگەوە ماکەی فیکری خەییامی لە خۆی جوانتر گەیاندۆتە خوێنەر. لە دوایین میسرەعیشدا **"با هفت هزار سالگان سر به سریم"** یان **"ئەمن و تۆ دەگەڵ بابەدەمی هاوسەفەرین"**، ئەگەر قەرارە دوای مردن ببینە هاوسەفەری ئەوانەی حەوت هەزار ساڵ لەوە پێش کۆچی دوایی‌یان کردووە بۆچی نەگەڕێینەوە دواتر، بۆ سەرەتای ڕۆژی ئەزەل و هاوسەفەری ئادەمی پێغەمبەر نەبین. هەژار بە هێنانی بابەدەم لەبری "هفت هزار سالگان" دنیای تەئویلی دەقەکە بەرفراوانتر دەکا.

***کۆتایی:**

لەم وتارەدا مەبەستمان تاوتوێ کردنی ئەندێشەکانی خەییام نەبووە، کە بۆ وێنە باس لە شک و دڕدۆنگی خەییام سەبارەت بە جیهان و مرۆڤ بکەین، بەڵکوو ئامانجی سەرەکی‌مان دەسنیشان کردنی ئەو چەشنە خوێندنەوەیەیە کە هەژار لە قالبی فەن و هونەری وەرگێڕاندا خوڵقاندوویەتی. ئەگەر ڕۆلان بارتی فەڕانسەوی لە دەڤەری ڕەخنەدا باس لە مەرگی نووسەر دەکا ئەوا هەژاری کورد هەر ئەم مەبەستە بەم چەشنە و لە قالبی ئەم ڕستانەدا بەیان دەکا: "خەییام کوڕی کێ بووە و چەند ساڵ ژیاوە و چی دەبەردا بووە و چ جوورە پێخۆرێکی خواردووە و بە کام نەخۆشی مردووە کەیفی خۆیەتی، مەبەستی گرینگ ئەمەیە چەند بیر و باوەڕێکی تازە و ترووسکەدار لە ڕۆژگارێکی کۆن و ئەنگوست لە چاوا لە کابرایەکی ژیر و وریاوە سەری هەڵداوە و ڕچەی ئازاتی و ئازادی بۆ شکاندووین و دنەی داوین کە خۆمان بناسین و بوێرین بیر لە ژیان و چارەنووسی خۆمان و دەوروبەرمان بکەین."

مامۆستا هەژار لە ڕوانگەی هێرمێنۆتیکی مۆدێرنەوە، کەوتۆتە مامەڵە کردن لەگەڵ چوارینەکانی خەییام، هەرچەند کە باس لە هێرمێنۆتیک دەکەین زیاتر تەئویلی دەق بە شێوەی پەخشان و نەسر دێتە گۆڕێ تا ڕەخنەگر مەودای هەڵسووڕانی زیاتری هەبێ و هیچ چەشنە کوتوبەندێکی لێ نەهاڵێ، بەڵام مامۆستا هەژار بە وەرگێڕانێکی ئازاد بۆ ئەوەی کە دەستی ئاواڵەتر بێ بۆ تەئویل چوارینەکان دەخوێنێتەوە و بە وتەی خۆی بیر و بڕوای خەییام بە بیچمێکی کوردانەوە دەخاتە بەر چاوی هاوزمانانی. ڕووحی شاد و یادی بەخێر!


***سەرچاوەکان:**

1. چوارینەکانی خەییام، وەرگێراوی هەژار، چاپ اول، انتشارات سروش. 1369، تهران.

2. خەییامی هەژارانە، ئاشتی ـ سەلاحەددین، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، 2001، هەولێر.

3. کتێبی نالی، سیوەیلی ـ ڕێبوار، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، 2001، هەولێر.

4.ساختار و تأویل متن، احمدی ـ بابک، ج 2، چاپ اول، نشر مرکز. 1372، تهران.

5.ساختار و هرمنوتیک، احمدی ـ بابک، چاپ اول، نشر گام نو، 1380، تهران.

6. هفت گفتار درباره ترجمه، صفوی ـ کورش، چاپ چهارم، نشر کتاب ماد، 1380، تهران.